یەکەم کەس کە دادگایی دەکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا؛ پیاوێکە شەهید کراوە، دەهێندرێت، خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی لەسەری بیردەخاتەوە، ئەویش دانی پێدا دەنێت، دەڵێت: چی کردەوەیەکت پێیان ئەنجامدا؟ دەڵێت: لە پێناو تۆ جەنگام؛ هەتاوەکو شەهید کرام

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «یەکەم کەس کە دادگایی دەکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا؛ پیاوێکە شەهید کراوە، دەهێندرێت، خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی لەسەری بیردەخاتەوە، ئەویش دانی پێدا دەنێت، (خوای گەورە) دەفەرموێت: چی کردەوەیەکت پێیان ئەنجامدا؟ دەڵێت: لە پێناو تۆ جەنگام؛ هەتاوەکو شەهید کرام، (خوای گەورە) دەفەرموێت: «دروٚت کرد، جەنگایت بۆئەوەی بڵێن ئازایە! ئەویش ووترا»، پاشان فەرمانی لەسەر دەکرێت و لەسەر ڕووی ڕادەکێشرێت هەتاوەکو فڕێدەدرێتە نێو دۆزەخ، وپیاوێک فێری قورئان بووە وخەڵکی فێرکردووە، دەهێندرێت، خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی لەسەری بیردەخاتەوە، ئەویش دانی پێدا دەنێت، (خوای گەورە) دەفەرموێت: چی کردەوەیەکت پێیان ئەنجامدا؟ دەڵێت: زانست (قورئان) فێربووم وخەڵکیم فێرکرد، ولە پێناو تۆ قورئانم دەخوێند، (خوای گەورە) دەفەرموێت: «دروٚت کرد، بەڵکو فێربوویت بۆئەوەی پێت بووترێت: زانا ! وقورئانت خوێند بۆئەوەی پێت بووترێت: قورئان خوێنە! ئەویش ووترا»، پاشان فەرمانی لەسەر دەکرێت و لەسەر ڕووی ڕادەکێشرێت هەتاوەکو فڕێدەدرێتە نێو دۆزەخ، وپیاوێک خوای گەورە (ڕزق وڕۆزی) بۆی فراوانکردووە، ولە جۆرەکانی سامانی پێبەخشیووە، دەهێندرێت، خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی لەسەری بیردەخاتەوە، ئەویش دانی پێدا دەنێت، (خوای گەورە) دەفەرموێت: چی کردەوەیەکت پێیان ئەنجامدا؟ دەڵێت: هیچ ڕێگایەکم جێنەهێشتووە لەو شتانەی تۆ حەز دەکەیت (بەندە) تێیدا ببەخشێت؛ من لە پێناوی تۆ بەخشیوومە، (خوای گەورە) دەفەرموێت: «دروٚت کرد، بەڵکو ئەوەت کرد بۆئەوەی بووترێت: بەخشندەیە -سەخیە-! ئەویش ووترا»، پاشان فەرمانی لەسەر دەکرێت و لەسەر ڕووی ڕادەکێشرێت هەتاوەکو فڕێدەدرێتە نێو دۆزەخ».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

یەکەم کەسانێک کە دادگایی دەکرێن لە ڕۆژی قیامەتدا؛ سێ کۆمەڵ لە خەڵکین: فێرخواز یان فێرکارێکی ڕیاباز، وجەنگاوەرێکی ڕیاباز، وخێرخوازێکی ڕیاباز، پاشان خوای گەورە -سبحانه وتعالى- لە ڕۆژی قیامەت دەیانهێنێت ونیعمەتەکانی خۆی لەسەریان بیردەخاتەوە، ئەوانیش دانی پێدا دەنێن، هەموویان پرسیاریان لێدەکرێت: چی کردەوەیەکت کرد؟ واتا بۆ سوپاسکردنی ئەم نیعمەتە، کەسێکیان دەڵێت: زانستی شەرعی فێربووم وقورئانم لە پێناو تۆ خوێند، (خوای گەورە) دەفەرموێت: دروٚت کرد، بەڵکو فێربوویت بۆئەوەی پێت بووترێت: زانا ! وقورئان خوێند بۆئەوەی پێت بووترێت: قورئان خوێنە! بۆ خوای گەورە نەبوو، بەڵکو بۆ ڕیا وپێش چاوی خەڵکی بوو، پاشان فەرمانی لەسەر دەکرێت و لەسەر ڕووی ڕادەکێشرێت هەتاوەکو فڕێدەدرێتە نێو دۆزەخ، و بەهەمان شێوە ئەوانی تر.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8899